www.kurdistannet.org   11-03-2003

# Kurdiska Institutet i Stockholm
# Înstîtuya Kurdî li Stockholmê
# ئەنستیتوی کورد لە ستوکهولم
# Kurdish Institute in Stockholm

بو ڕای گشتی

هاونیشتمانانی خوشەویست!

پلانی داگیرکاری و دەستدریژی سوپای کەمالیستی تورک بو سەر خاکی باشووری کوردستان لە روانگەی حقووقیەوە کردەوەیەکی نایاساییە کە بە تەواوی لە دژی پرەنسیپی **مافی گەلانە** کە لە لایان نەتەوە یەکگرتووکانەوە پەسند کراوە. لە روانگەی ئینسانیشەوە، داگیرکارییەکانی سوپای تورک دەتوانی خولقینەری کارەساتی دلتەزێن وەکوو وێرانی، ئاوارەبوون و تەنانەت کوشتنی خەلکی مەدەنیش بیت.

هەروەها ئەو کردەوە کولونیالیستیە لە خوی دا نە تەنیا لە ئاستی هەر چوار پارچەیکوردستان بەلکوو لە ئاستیکی جیهانی و گلوبالیش دا دژ بە بەرژەوەندەکانی بالای نەتەوەی کوردە و هەر بویەش دەبی بەربەرکانی توندی لە بەرامبەر دا بکرێ. خوپیشاندانەکانی سەدان هەزار کەسی کورد لە شارەکانی هەولیر، سلیمانی، ئاکرێ، رانیە و شارەکانی ولاتە ئورپاییەکان و هەروەها پر کردنەوەی سەدان لیست و ناردنی نامەی ئیعترازی بو کاربەدەستانی جیهانی نیشاندەری ئەم راستییانەن کە نەتەوەی کورد بە هیچ شیوەیەک ناتوانی داگیرکارییەکانی دەولەتی تورک قەبوول بکات.

هاوکات ئەوەش لە بیر نەکەین کە ئەوە دەیان سالە کە حکوومەتی تورک بە شیوەیەکی سیستیماتیک خەریکی سەرکوتکردنی گەلی کوردە لە باکوور و لەو چوار سالەی رابردووش دا کە کورد لەوی بە شیوەیەکی دیموکراتیک داوای مافی خوی کردوە، نە تەنیا هیچ ولامیکی بو چارەسەری لە لایان دەولەتی تورکەوە وەرنەگرتوتەوە بەلکوو ئەوە ماوەی مانگ و نیویکە کە بەریز ئوجەلان سەروکی گشتی کادەک مافی دیتنی پاریزەران و کەس و کاری خوی لی بەربەست کراوە.

ئەنیستیتوی کورد لە ستوکهولم هاودەنگ لە گەل سەرجەمی بزاڤی ئیعترازی گەلی کورد خوی بە بەشیک لەم بەربەرەکانییە و ئەو وشیارییە مەزنە نەتەوەییە دەزانی و هەر بویەش خەونە شوومە کان و پلانە داگیرکارییەکانی دەولەتی تورک بە توندی مەحکووم دەکات.

ئەنیستیتوی کورد لە ستوکهولم - سوید
١١ ی مارسی ٢٠٠٣

Adress: Fridhemsgatan 44-46, 112 40 Stockholm
Telefon/Telefax: 0046 8 652 34 29
E-mail: institut_kurd@yahoo.se
postgiro: 85 53 25-7
org.nr: 800 62 63